Kurdistan Net

Digitally signed by Kurdistan Net
DN: CN = Kurdistan Net, C = NL, O = Omar Faris Aziz, OU = www.kurdistannet.org
Date: 2004.02.17 13:16:30 +01'00'

# ڕێپێوان و خۆپیشاندان

# له سوێد و له گشت جیهان

## به یه‌کده‌نگ به دنیا ده‌ڵێین، ئازادیمان ده‌وێ بۆ کورد

## ڕیفراندۆممان ده‌وێ له باشووری کوردستان

**ڕۆژی شه‌ممه : 2004-02-21**

**کاتژمێر: 14.00-18.00**

**شوێن: ستۆکهۆڵم، له مه‌یدانی سێرگلس تۆری یه‌وه به‌ره‌و سه‌فاره‌تی ئه‌مریکا.**

بۆ ئه‌وه‌ی کۆتایی به مێژووی کۆیله‌بوون و ژێرده‌ستی بهێنین، بۆ ئه‌وه‌ی سبه‌ینێمان وه‌کو دوێنێ تاریک نه‌بێت، پێویسته‌ئه‌مڕۆمان پڕ بێت له جۆش و خرۆشی خه‌بات، له تێکۆشانی بێوچان، بۆ قه‌واره و ستاتوویه‌کی سیاسی شایان به مرۆڤی ئازاد و کردنی کوردستان به نیشتیمانێکی سه‌ربه‌خۆ بۆ کوردان. **له 21 ی شوبات دا**، کوردان و دۆسته‌کانی کوردان به خۆپیشاندان و ڕێپێوان له زۆربه‌ی وڵات و کێشوه‌ره‌کانی جیهان، داوا ده‌که‌ن له لایه‌نه په‌یوه‌ندیداره‌کان که له کوردستاندا ڕاپرسی گشتی بکرێت و، کورد خۆی چاره‌نووسی خۆی و وڵاته‌که‌ی دیاری بکات.

له ستۆکهۆڵمی پایته‌ختی سوێدیشدا، کوردانی هه‌ر چواربه‌شی کوردستان و دۆسته‌کانیان، له‌و کات و شوێنه‌دا که له سه‌ره‌وه ده‌ستنیشان کراوه، داوای ڕه‌وای گه‌لی کورد و ئیمزاکانیان پێشکه‌ش به سه‌فاره‌تی ئه‌مریکا ، سه‌فاره‌تی به‌ریتانیا، ڕێکخراوی نه‌ته‌وه یه‌کگرتووه‌کان و حکومه‌تی سوێد ده‌که‌ن. به‌شداریتان له‌م ڕۆژه‌دا مایه‌ی دڵسۆزی و به‌ته‌نگه‌وه‌هاتنتانه . دۆست و هاوه‌ڵ و که‌س و کاره‌کانتان بۆ ئه‌م ڕێپێوانی چاره‌نووسه ئاگادار بکه‌نه‌وه و، به نیازی دیدارتان له کات و شوێنی دیاریکراو.

**لیژنه‌ی باڵای فیدراسیۆنی کۆمیته‌کانی به‌ره‌و ڕیفراندۆم بۆ سه‌ربه‌خۆیی کوردستان**

**سوێد**